www.kurdistannet.org
16-10-2006 8:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاسۆ جەبار: عیشق لە دەرەوەی خۆماندا نییە بەڵکە لەناو روحی خۆماندایە ... سازدانی گفتوگوَ: نەمام شێخ بەکر



لەهەرجەنگێك کە عیشق وردو خاش ئەبێت جەنگاوەرێك شەڕی بردنەوە نادۆڕێنی، لە هەر کۆڵانێك کە گوناە پیاسە دەکات کەسێك والەوی مەبەستیەتی بە بارانی حەقیقەت جێ پێکانی بشواتەوە... پیاوێك لەکەناری یاخیبوونەوە نەرمتر لەباران بە وێنەی شعر سەرکێش شەر دەکات، شەرێك کە لەم دەریای نەفرەت و درۆیەدا بەم باڵە شکاوانەوە فێری فرینمان دەکات، لە ژوانێکی شیریندا (ئاسۆ جەبار) ی شاعیر و نوسەر و روناکبیرمان دواند و بە غوربەتەوە لە دەرگای نهێنیەکانی فرینماندا.

*تۆ کە لەحیکمەتی فرین تێناگەی ئەم باڵە گەورانەت بۆچییە؟ ئەوسەفەرە درێژەی دەمان باتە جیهانی مەزنی شعرەوە بەگشتی لە تەواوی قەسیدەکانتدا پڕپڕ ئەبین لە تاسەی فرین، فرین بەرەو کوی؟

ئاسۆ جەبار: فرین خەیاڵگەیەکە بەرەو نادیار، بەرەو سەرزەمینێك لێوانلێو لە عیشوە، دورتر لەهەر واقعێك کە گرێتدەداتەوە بە روانینێکی ئاسایی و دنیایەکی دووبارە، لەبەرئەوە فڕین لەلای من کە لە سەرەتای قەسیدەکانەوە دەستپێدەکات تاکۆتایی کە کۆتایی نایەت، پتر روانینێکی یاخیگەرانەی زاهیدێکە لە بوونێکی لێترازا و و پەرشەوە بۆ پانتایەکی بەرفراوان و خەیاڵگەیەکی ئیستاتیکی و دەستکاریکردنی خەونەکان، سەفەرێکە لەخەیاڵی کوژراوی پەڕەندەیەکەوە بۆ ئاسمانێکی بێکۆتا لەجوانی، بێکۆتا لە خەیاڵدا، بێکۆتا لەرامان و دنیابینی، فڕین لەلای من بەر لەهەرشتێك سەفەرێکی شەرابییە بەسەرزەمینە خاپورەکانی بێمانییدا، لە ئەستێرەیەکەوە بۆ ئەستێرەیەکی دی، لەدەریایەکەوە بۆ دەریایەکی دی، ئەوەی دەمانباتەوە سەر سەوزایەکانی وجود تەنها ئەو شتە بینراوانە نییە کە رۆژانە دووبارەمان دەکەنەوە، بەڵکو هەموو ئەو خەیاڵ و فەنتازیا و دنیابینیە پاکەی خۆمانە کە لە! بەردەم جوانیدا، لەبەردەم سەفەردا راماندەگرێ و پەشیمانماندەکاتەوە لەمەرگ، پەشیمانماندەکاتەوە لە هەرخەیاڵێکی کوشندە بۆ ئێستا.

فڕین سەفەری مۆسیقایەکە لەناو ڕوحی خۆماندا، مۆسیقایەکی ئەبەدییەو لەرێی ئاوازەکانیەوە غەرقی دنیایەك دەبین لەدەرەوەی ئەو سەرزەمینە خاڵیەی ژیان دابەشدەکاتەوە بەسەر بوون و نەبووندا، دابەشیدەکاتەوە بەسەر حەرام و حەڵاڵدا، بەسەر هیچ و بووندا، لەبەرئەوە فڕین پتر تەماشاکردنی روحی خۆمانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، دوَزینەوە و پشکنینی رەهەندەکانی بینین و خەونەکانە لەئاستە نائاساییەکان و نابەرجەستەکراوەکاندا، هاوکات زانین و دۆزینەوەی پانتاییە نەبیندراوەکانی روح و دەروون و روانیینە لە خۆمانەوە، واتە لەناو ئەو زاتە بەندکراوەوە بۆ دەرەوەی خۆمان و ئەو پانتاییە نەبینراوەی کە هێندە دور نییە لە جەستەو روانین و خەیاڵەکانی ئێمەوە.

دۆزینەوەی عیشق لە دەرەوەی خۆماندا نییە بەڵکە لەناو روحی خۆماندایە، لەناو ناخی هەر یەکێك لە ئێمەدا سەرزەمینێکی بەیار هەیە کە غەرقی سەفایەکی روحی و عاشقانەو ئەبەدییە، بەڵام دوچزینەوەی ئەو سەرزەمینە دەکەوێتە بەردەم قەدەری ونبون یان دوَزینەوە یان هەستپێکردنی، کەسانێك هەن ئەو ئەو سەفا گەورەیەی عیشق لەناو روحیاندا نادوَزنەوە تەنها لەبەرئەوەی ئامادە نین خوَیان هیلاك بکەن، یان رەنگە هەر نەزانن روح یان روانین یان دنیابینی چییە، کەسانێکیش هەن

کە زوَر دەگمەنن بە قولّی ئەو هەستە پڕ لە حەسرەت و ئیستاتیکایە دەدوچزنەوە و سات دوای سات لە گەڕاندان، لە سەفەردان بە و سەرزەمینە شاراوەیەدا و هەمیشە هەگبەکەیان پڕە لە نهیچنی و پڕە لە پەنهان و خەیاڵ خەونی تابلوَیی، هاوکات تۆ بۆئەوەی بەو سەر زەمینە نامۆیەی عیشق دا لەسەفەردا بیت پێویستە بفڕیت و سەفەر بکەی بە ڕوح و خەیاڵ و روان! بینەکاندا.

تا ئەورۆکە پانتاییە شاراوەو نادیارەکانی ناخی مرۆڤ ئاشکرا نەبوە، رەنگە وەك جەستە لەروی فیزیکی و بایەلۆژییەوە ئاشکرا بین و یەکتر بناسین، بەڵام لەروی روحی و ئەو ئاستە ژیاریە خەفەکراوەوە هێشتا بۆ یەکتری پەنهان و شاراوەین، هێشتا هەزاران وردە کاری و خەیاڵ و روانین و مۆسیقاو نیگار هەیە لەناو پانتاییە شاراوەکانی روحی خۆماندا هەڵمانگرتوەو پشتگوێمان خستوون و نایدۆزینەوە، دۆزینەوەی ئەو شەقامە کریستاڵیەی روحی خۆمان کە ڕێگایەکە دەچێتەوە سەر راستگۆیی و دەریایەك لە دنیابینی شاراوە، دەچێتەوە سەر ئەو عیشقە ناکامانەی لە دوورەوە تەنها نیگارێکی راستگۆیانەو مۆسیقایەکی ئەزەلییەو روانیینێکە خەیاڵ نیگاری کێشاوەو روح مۆسیقای بۆداناوەو زۆر شاعیرانە ترە لەو واقعەی کە لەدەرەوەی روح و لەدەرەوەی سەفەرو فڕین بەو سەرزەمینەی دەرەوەی خۆمان کەپێی دەڵێن عیشق.

لەبەرئەوە دواجار فڕین ئاشکراکردنی ئەو ئاستە گەردوونیەیە کە پڕە لەپەنهان و لێوانلێوە لەشتی شاراوە و لە خەیاڵ و خولیای نادیار و سەفەرێکە لەنادیارەوە بۆ نادیار، بەڵام فڕینێکە بەناو دنیای پەنهان و دنیای روانینە راستگۆکاندا.

*تۆ کە لە دەریادا نامری لە باخچەدا بەدیار یاسەمینەکانەوە ئەمری، یاسەمین بەروحێکی ناسك ئەچێت لە شعرەکانتدا و گەلێك جار پێناسەی جیاواز و وێنای جیاوازی بۆ دەکەیت، چیتان بۆ یاسەمین هەیەو بۆچی هێندە شەیدای یاسەمینن؟

ئاسۆ جەبار: یاسەمین عیشقێکی ئەبەدیە، ناوێکە پەیوەندی بە هەموو ناوەکانی دیکەوە هەیە، پەیوەندی بەهەموو عیشقێکەوە هەیە کە دەمانباتەوە سەرنەمری، کە دەمانباتەوە سەر سەفایەکی روحی، بۆنێکە نزیکە لەبۆنی بەهەشتەوە، بەڵام دنیایەکە لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدا، باخچەیەکە لەنێوان راستگۆیی و فەوتاندا، دەریایەکە لەنێوان وشەکەڵان و تەڕایی دیداردا، ئاسمانێکە لەنێوان تەنیایی و عیشوەدا، جارناجار یاسەمین مرۆڤێکە راگوزەر بەلامان تێدەدەپەڕێ و لە شێوەی پەرییەکی ئەزەلیدا، بەقژی خاوی ئێوارەیەکدا تێدەپەڕێ و بەچاوی ئاسمان دەڕوانێتە باخچە دووردەستەکانی روانیین لە تەنیایدا و نیگارێك دەگرێتە ئەو سەرزەمینە خاڵیەی کە پڕە لەمرۆڤ و خاڵیە لە ئیحساس، پڕە لەجەستەو خاڵیە لەعیشق، لێوانلێوە لە تەماشا، بەڵام خاڵیە لەروانین، یاسەمین کە گوزارەیەکی شیعری و میتا فەنتازیەکە لەنێوان دوو سەرزەمینی دژدا کە یەکێکیان سەرزەمینی شتە ئاساییەکان و خ! ەیاڵ و حیکایەتە بچوکەکانە، سەزەمینەکەی دیکەش دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان و خەونە بچوکەکانە، دنیای میتا روانین و میتا خەیاڵە، لێرەدا یاسەمین ئەو گەریدە چاو سەوزەیە کە چاوی پڕە لە تەڕایی باخچەکانی بەر باران و شەقامە کریستاڵییەکانی پاش عیشق، کە جەستەی پڕە لەدەریا و خاڵییە لەبیابان، لێوانلێوە لەئاسمان بەڵام خاڵیە لەچوارچێوەی بەرجەستەکراوی ژیان و واقع، بەڵام ناوێکی دیاریکراو نییە کە پێکهاتەی جەستەو دەرون و روحێکی تایبەت بێت، لەبەرئەوە یاسەمین سەفەرێکە لەنێوان ژیان و مەرگدا، بۆنێکە پتر دەتباتەوە سەر خەیاڵگەیەکی دیکەو سەرزەمینێکی دیکە، فڕینە بەرەو مەنزڵگەیەکی دیکەو سەفەرێکی شکاوە لە ناشوێنەوە بۆ ناشوێن.

*عیشق بەتاڵ بوونەوەی روحە لەمەرگ، لەم قەسیدە کورتەی (باڵەکانت رزیوە) لە چرکە پیاسەیەکی تەنیایی دا پارچە پارچە ئەبین، عاشق بوویت؟

ئاسۆ جەبار: هەرچەندە ئەم پرسیارە دەمانباتەوە سەر واقع و کەمێك دوورماندەخاتەوە لەو فەنتازیاو روانینە ناوەکیانەی کە غەرقی سەفەرێکی ئەبەدی و فڕینێکی ناکۆتامان دەکەن، بەڵام من هەردەبیەمەوە سەر ئەو سەرزەمینە خەیاڵیەی کە دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخەوە، عیشق لە لای من شتێکی ئاسایی نییە، شتێکی واقعی هەستپێکراو نیە، بەڵکە پتر سەفەرێکە لەنێوان روحەکاندا، سەفایەکە لەنێوان هەستی تۆو ئیشتیاقی گوڵێك بۆ بۆن، بۆشایەکی نەبیندراوە لەنێوان جەستەی تۆو جوانیەکاندا، لەنێوان لێوی تۆ و ماچێکدا، روانینێکە بۆ ئاشتکردنەوەی روح بە جوانیەکان، ناساندنەوەی مرۆڤە بە نەمری، کاڵکردنەوەی جەستە بەنیگارەکانی روح، عیشق تابلۆیەکە هەرگیز تەواو نابێت، نیگارێکە لێوانلێوە لەرەنگی ئاوی و رەنگی دەریاو ئاسمان، تێکەڵەیەکە هەست و روانین و ئیشتیاق، تاب! لۆیەکە بۆ رەنگرێژکردنی ئێستا، سەرزەمینێکە خاڵیە لەرابردوو، بەڵام لێوانلێوە لەئێستا و نوستالژیایەکە لەدەرەوەی حیکایەتەکان، خاڵیە لەداهاتوو، بەڵام دنیایەکە لەنێوان مەرگ و ژیاندا، هاوکات عیشق سەفەرێکی ئەبەدییە بەناو گەردووندا و دەستکاریکردنی روحە و، دەستبردنە بۆ حەرامکراوەکان، یاخیبونێکی راستگۆیانەیە لەگەڵ خۆتدا و سەفایەکە لەنێوان سەفەر و فڕیندا.

من لەو قەسیدە کورتەدا کە لەژێر ناونیشانی (باڵەکانت رزیوە) دەگەمە روبەرێکی نادیاریکراوی عیشق و لەوێدا حەکیمێك لەبەرگی زاهیدێکدا سەرەتا پێم دەڵێت عیشق بەتاڵبونەوەی روحە لەمەرگ، سەفەرێکە بەنێو ئاوێنەکانی یەکتریدا، گەردونێکە لەدەرەوەی زەمەن، لە دەرەوەی ژیان، ساتەوەختێکی فڕینە بە باڵێکی تەڕەوە.. تەڕ تەڕ شەرابت لێئەتکی و شەراب پرژێنی ئەو خەیاڵە دەکەیت کە لەنێوان سەفاو جەنجاڵیەکانی سەفەردا سەرمەستی عیشوەتێکی تەلایی دەبیت و باڵەکانت رزیووە، ئەوەی لەمانا شاراوەکانی عیشق تێناگات ناتوانێت بفڕێت و سەفەربکات.

*بەردەوام رۆشنبیران و شاعیران دونیابینیەکی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو شتانەی کە خەڵکی بەگشتی و هەندێجار بە ناچاری هەزمیان کردووە، بێگومان شیعر یاخیبونە، لە ئەدەبیاتی ئێستای کوردیدا بەتایبەتی لەشعری لاوەکاندا تا کوی یاخیبوون دەبینیت؟

ئاسۆ جەبار: من کێشەیەکی گەورەم هەیە لەگەڵ چەمکی یاخیبوندا لەلای ئێمە. یاخیبون تەنها دوورکەوتنەوە یان هەڵهاتن نییە لەواقع یان لە ژیانێکی تەقلیدی بەبی ئەوەی روانینێکی دیکەت هەبێت لەدەرەوەی ئەو یاخیبونە، لەدەرەوەی ئەو دنیا داخراوەی کە پێویستە رەخنەی جدی خۆتت هەبێت لە هەر روانیین و دنیابینیەکی داخراو کە ژیان بێماناتر دەکات و خەیاڵ دەکوژێت و ئارەزوو و خەونەکان تا ئەوپەڕی بێباکی غەرقی فەرامۆشبوون دەکات، تۆ دەبێت لەدەرەوەی یاخیبون خەیاڵێکی دیکەو روانیین و دنیابینیەکی دیکەت هەبێت.

لەبەرئەوە بۆ نمونە عیشق یان عاشقبوون بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێیت من کەسێکی یاخیم و روانیینێکی یاخیگەرانەم هەیە، وەك چوَن سەفەرکردنیش بەس نییە بۆئەوەی بڵێیت من لەم سەرزەمینە خاڵیە لەماناندا رادەکەم و راستەوڕاست ئەو روانینە داخراوانە فرێدەدەنە ناو زبڵخانەوە، هەروەها ئەوە یاخیبوون تەواو ناکات لەسەر لافیتەیەکی گەورە بنوسیت من یاخیم، وەك چوَن ئەوەش یاخیبون نییە لە شعرێکدا هەزار جار بڵێیت من کەسێکی یاخیم لە هەموو شتێك، نەخێر یاخیبون مانایەکی دیکەیە لەدەرەوەی مانا باوەکان و لەدەرەوەی نیگارە دووبارەکان، فەلسەفەیەکە بۆ راڤەکردنی ئێستا و گەڵاڵەکردنی دنیابینییەك لەدەرەوەی تەماشای ئاسایی مرۆڤ، لەبەرئەوە یاخیبون چەند تەماشاکردنێکی ئارەزومەندانە و ئیرادەگەرانەی مرۆڤە، هێندەش وردبوونەوەیە لە قولایەکانی تێگەیشتن، هەڵوێستەیەکی دیاریکراو نییە و بەجەستەکراوێکی هەستپێکراو نییە بە! ویستی خوَمان هەستی پێبکەین یان دەریکەین لەهەستەوەرەکانمان، فەلسەفەیەکی دیکەو دنیابینیەکی دیکەیە، هاوکات بەبی ئەو فەلسەفە جیاوازەی کە راڤەی ئەو دنیایە دەکات و تەماشاو روانین و ئاستەکانی هزر

و تێگەیشتنمان دەگۆرێت بیرکردنەوە لەیاخیبون و یاخیگەری کە پێویستیەکی دورودرێژی ئیرادەگەرانەیە و هەوڵێکە بۆ بەرپاکردنی تامەزرۆییەکی دیکەو خەونێکی دیکە و خەیاڵێکی دیکە.
بەهەرحاڵ من سەرباری ئەوەی زوربەی تێکست و شیعر و ئەدەبیاتی نەوەکانی پێشخوَمانم خوێندوَتەوە، هەر لە مەولەوییەوە تا نالی و مەحوی و ئەمین زەکی بەگ و بێسارانی و ئەخوَل و گوَران و پیرەمێرد و شێرکوَبێکەس و حەمە سەعید حەسەن و رەفیق سابیر و رەئوف بێگەرد و عوسمان شەیدا و روَمانەکانی حسێن عارف و برایم ئەحمەد و محەمەد موکری و ... تاد، هاوکات بە ئەندازەی خوێندنەوەی ئەوانە بگرە زیاتریش دەقە نوێکانیش دەخوێنمەوە، هەر لە شیعر و روَمان و لێکوڵینەوەکانی بەختیار عەلییەوە تا مکەریوان وریا قانع و شیعرەکانی جەمال غەمبار و ئەنوەر رەشی ئەولا و دلاوەر قەرەداغی و یوسف عیزەدین و کەژاڵ ئەحمەد و ئەرخەوان و شیرین ك و ناهیدی حوسێنی و کامبیز و رەزای عەلی پور و عەتا! ای نەهایی و تیشکە محمەد پور و ئارام جەمال و یاسین عومەر و عەتا محەمەد و ئاك وَ کەریم و مەنسوری تەیفوری و سیامەند هادی و سەمەد محەمەد و شیعرەکانی ئالان ئیسحاق پەری و دانا نزار و پێشرەو حسێن و هێمن حەمە جەزا و گوَران سدیق و ئاری عەبدول لەتیف و نەمام شێخ بەکر و سەروەر محێدین و ... تاد، ئەمانە هەموبان بەتەواوی جیاوازیانەوە یاخیگەرانە و نامەئلوفانە دەنوسن، بەلاّم شێواز و بیرکردنەوە و روانینیان جیاوازە و هاوکات دنیابینیشیان لە بارەی یاخیگەراییەوە جیاوازە، دواجار هەمومان بە جیاوازییەوە جوانین.
ئەوەمان لەبیر نەچێت، وەك ئوکتافیۆپاز دەڵێت "شیعر زمانی خواکانە" ئێمە ئێستا باس لە شیعر دەکەین، باس لە یاخیبونێکی شاعیرانە دەکەین، باس لە یاخیبونی کۆمەڵ و گروپ و هێزە کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکان ناکەین و لەبەرئەوە جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان ئەو دوومۆدێلەی یاخیبوندا، مۆدێلی یەکەم بەتاڵە لەهەر خەیاڵێکی شاعیرانە و ژیاندۆستانە بەمانا تایبەتیەکەی کە پەیوەندیەکی قوڵ و کاریگەری هەیە بەخودی تاکەکەس و خولیاو خەونە فەردیەکانەوە، هەرچی مۆدێلی دووەمی یاخیبوونیشە پتر شاعیرانەیە و خەیاڵگەیەکی رۆمانسی یان سریالی لەپشتەوەیە، کە دەبێتە گوزارشتگەلێکی جیاواز بۆ سەرلەنوی راڤەکردنەوەی ئەو روانین و فەلسەفانەی کە لە ئاستێکی ژیاری دیاریکراودا هەڵگری راڤەکاری دیکە و روانینی دیکەن.
*هۆکاری ونبوونی حیکایەتەکان و زیادبوونی بێمانایی و کوشتارە فیکری و نەگرتنەئەستۆی بەرپرسیاریەتیەکان لە دیدگای جیاوازی ئێوەوە بەرەوکوی دەچێت؟
ئاسۆ جەبار: من لە کتێبی (کۆمەڵگەی داخراو) دا بەوردی باس لەسەردەمی حیکایەتەکان و ئەو مەودا داخراوەی رۆشنبیری دەکەم لەکۆمەڵگە و فەرهەنگە داخراوەکاندا، من لەزۆر شوێن باسم لەوەکردووە کە دنیای داخراو تەنها دنیای دووبارەکردنەوەو ستەمکاری نییە، بەڵکە دنیای حیکایەتەکان و بەخێوکردنی بێمانایی و بی بایەخکردنەکانە، چەند دنیایەکی بی پەیوەندییە، هێندەش دنیایەکی پڕ لەپەیوەندی و فەرهەنگی کۆمەلاّیەتییە، بەلاّم خاوەنی فەرهەنگێکی داخراوە، لە ئاستێکی ژیاری داخراو و بەرجەستەدا دەگوزەری، هاوکات ئاستی بەرپرسیاریەتی و روانیین و دنیابینی جیاواز لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا لە ئاستێکی جاهیلانەی خراپ دایە، بەئەندازەیەك کار لەسەر کوشتنی ئارەزوو و خەون و خولیاو هزرە نوێکان دەکات، کە پەیوەندی مرۆڤەکان بەدنیای دەرەوە دەخاتە بەر مەترسیەکی ناشارستانی و نافەرهەنگی.
هەرچەندە دوورکەوتینەوە لە قسە کردن لەسەر شعر، بەلاّم هێندە دەڵێم کۆمەڵگەی داخراو کۆمەڵگەیەکە کار لەسەر گوناهبارکردنی تاکەکەس دەکات بەوەی کە بەتەواوەتی نابێتە بوونەوەرێکی دەستەموَ و رامکرا و، بەلاّم دواجار لەبەردەم کوَمەڵگەیەکی رامکراوردابن، بەلاّم تەواوی تاکەکەسەکان لە دیدگای ئەم جوَرە کوَمەڵگانەوە تا سەرئێسك گوناهبارن، دەبێت بەردەوام لە خوَپاکژکردنەوە و

دەستەمویَدا بژین و مروَڤگەلێكی ئاشكرابن بوَ كوَمەڵگە.، ئەو خوازیارە سەرلەبەری كۆمەڵگە و تاكەكەسەكان لەئیرادەیەكی گشتی پڕ لەبێمانییدا بكوژێت، ئەو دەیەوێت لەئارەزویەكی شكستخواردوی تاكرەهەندا مرۆڤەكان بەدنیایەك وەهم و حیكایەتی بچوكەوە گرێبدات لەكاتێكدا سەردەمی حیكایەتەكانیش بەسەرچووە.
*پرسیارێك كە هەندی جار خوێنەر لەكاتی نووسینەكانتدا دووبارەی دەكاتەوە، لەیەكچوونی رێبازی نوسینی تۆو بەختیار عەلی؟
ئاسۆ جەبار: من (بەختیار عەلی) م خۆشدەوێت، هاوكات هەموو كەسێكم خۆشدەوێت كە خەیاڵ و خولیاو خەونێكی جیاواز و دیكەی هەیە كە لەخەونە دووبارەكان و روانینە باوەكان ناچی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت من و كاك بەختیار وەك یەك بیردەكەینەوە، بەڵام رەنگە روانینمان لەسەر دیموكراسی و دەسەڵات و كۆمەڵگەی داخراو لەیەكەوە نزیك بێت، ئەمەش بەتەواوی جیاوازی ئەو كەرەستە مەعریفیانەی بەكاری دەهێنین.
هاوكات ئەمەش عەیبە نییە دوونوسەر روانیین و راڤەكاری و هەندێك لە دنیابینییەكانیان نزیك بێت لەیەكەوە، من هەرگیز خۆشم بەراورد ناكەم بە كاك بەختیار عەلی، لەبەرئەوەی فیكری ئەو، تەمەنی ئەدەبی ئەو، لەمن زیاترەو روانینێكی پاراوترەو من وەك نوسەرێكی جیهانی حسابی بوَدەكەم، من بەختیار عەلی وەك نووسەرێكی كورد نابینم، هەرچەند چەند قەدری هیچ شتێك لەلای ئێمە نییە، بەڵكە بە نوسەرێكی جیهانی لەقەڵەم دەدەم، بگرە لەبواری رۆمان نووسیندا وەك ماركیز و میلانكۆندێرا و هیرمان هیسا و گۆنتەر گراس سەیری دەكەم، هاوكات من پێموایە پێویستە خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشری بۆ ئەو رۆمانە جوانەی كە دوایەمین بەرهەمیەتی بەناوی (شاری مۆسیقارە سپیەكان) ەوە.
من نایشارمەوە و بە كەموكورتیشی نازانم من چۆن موعجیبی نوسینەكانی ئالان تۆرینم، بەهەمان شێوە ئیعجابێكی زۆرم هەیە بە نوسینەكانی بەختیار عەلی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە من وەك ئەو بیر دەكەمەوە وەك ئەو دەنووسم، لەدنیاشدا هەرگیز دوو نوسەر وەك یەك بیرناكەنەوە، دوو شێوەكار وەك یەك نیگار ناكێشن، دوو شاعیر وەك یەك شیعر نانوسن.
هاوكات كەسانێك هەن دوراودوور بە من دەڵێن كە شعرەكانم نزیكە لەشعرەكانی فروغی فروغ زادە یان سوهرابی سپهری، بەڵام من لەو باوەڕەدام هەرگیز دوو نوسەر یان دوو شاعیر نییە لەدنیادا وەك یەك بنووسن وەك یەك بیر بكەنەوە وەك یەك دنیا بینینیان هەبێت.
*تۆ هەمیشە پیاوێكیت پڕیت لەوتن پڕیت لە عەشق پڕیت لە روانینێكی جیاواز وجیاوازترو جیاواز لەیەكەم كاری خۆت كە بەكورتە چیرۆكێك دەستت پێكرد، بۆچی زیاتر وەك رەخنەگرو لێكۆڵەرەوە ناسرایت؟
ئاسۆ جەبار: هەڵبەتە من سەرەتا بەچیرۆك دەستم پێكرد، بەڵام بڵاوم نەكردنەوە، هەرچەندە ئەو برادەرانەم كە خوێندبوویانەوە بەلایانەوە جوان بوو، بەڵام خۆم نەگەیشتمە ئەو باوەڕەی هیچ كام لەو چیرۆكە درێژانەم بەكەڵكی بڵاوكردنەوەیەن، هەستم دەكرد من توانام نییە لەو سەروەختەدا چیرۆك بنوسم، ئیتر تائەوڕۆكە دوور كەوتمەوە لەچیرۆك نووسین.
ئەم پرسیارەی بەرێزتان پرسیارێكی جوانە، دەمگەرێنێتەوە بۆ قسەكردن لەسەر شتگەلێك لە روانیین و دنیابینییەكانم كە بەو جیاوازیانەوە منیان هێشتۆتەوە، من سەرەتا وێنەكێش بووم، لە سەرەتاوە تا ساڵی (1997) بەڵام دواتر هەستمكرد نوسین زیاتر بەسەرمدا زاڵدەبێت، هێدی هێدی دووركەوتمەوە لەنیگاركێشان، بەڵام زۆربەی قەسیدەكانم هێندە نزیكە لەنیگاری تابلۆیەكەوە هێندە دەستبردن نییە بۆ حیكایەتێك لە حیكایەتەكانی ژیان، ئەوەش یەكێكە لەو روانیینە جیاوازانەی پتر خەیاڵ و خەونەكانی بردم بەلایەكی دیكە و سەرزەمینێكی دیكەدا.

دواتر لە نوسینەکانی دیکەمدا بەتایبەتی ئیشکردنی من لەسەر کۆمەڵگە و کلتورو فەرهەنگ و دەسەڵات پتر لە روانیینێکی رەخنەگرانەوە سەرچاوەدەگرێت و پتر کارکردنە بۆ راڤەکردنی ئەو ئاراستە داخراوەی کۆمەڵگەو فەرهەنگ و دەسەڵات و ئەگەرەکانی کرانەوەی کۆمەڵگە و هێنانەکایەی روبەرێکی دیکەی روانیین و فەلسەفەیەکی جیاواز بۆ گەلاڵەکردنی دنیابینییەك لێوانلێو لە رەخنەو قبوڵکردنی جیاوازی و گەڕاندنەوەی شکۆو رێزو بەرپرسیارێتی بۆ مرۆڤ و رۆشنبیری و فەرهەنگی جیاوازی بیرکردنەوەو دنیابینی.

*تۆ پیاوێکیت جیاواز لەزۆربەی پیاوانی تر بەردەوام جیاواز دەرئەکەون بەروخسارێکی جیاوازەوە سەرنجی خەڵکیتان بەجوانی روخسارتان راکێشاوە، روانیینی تۆ بۆ جوانی؟

ئاسۆ جەبار: هەرچەندە جوانی و جوانپەرستی و جوانخوازی و ئیستاتیکا لەم کۆمەڵگەیەدا لەدوای هەموو شتەکانی دیکەوە حسابی بۆ دەکرێت، یان هەر حسابی بۆ ناکرێت، بەڵام ئەکرێت لەم چاوپێکەوتنە کورتەدا هەندێك بگەرێینەوە سەری، هەڵبەتە پێویستە ئێمە خولیایەکی روحی و فەلسەفی و مرۆڤدۆستانەمان هەبێت بۆ ناسینی جوانی و تێگەیشتن و خۆشویستنی جوانی، لەبەرئەوەی دەبێت ئێمە تێکستی جوان لەتێکستی ناشیرین یان خراپ جیابکەینەوە، پێویستە ئێمە هێزێکی روحی و مەعریفی جیاوازمان هەبێت بۆ گەلاڵەکردنی روانیین و دنیابینییەکی سەرسامکەرانە بۆ ناسینەوەی شعری جوان و جیاکردنەوەی حیکایەت لەتازەگەری، جیاکردنەوەی لە دوبارەکردنەوە لە نوێگەری و لە روانییندا.

هەرچەندە ئەم پرسیارە زۆر رۆمانسیە، بەڵام لەبەرئەوەی من بۆخۆم زۆر رۆمانسیانە دەروانمە دنیا، دەکرێت ئاماژەیەکیش بدەین بەکەسایەتی خۆم، من هەرچەندە زۆربەی کاتی خۆم بە خوێندنەوەو بیرکرنەوەو کارکرنەوە تەرخانکردووە، بەڵام بە روحێکی سادەو ساکارو رووخۆشەوە لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن و چاوپێکەوتنی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەردەکەوم یان ئەو کاتانەی چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆم هەیە لەکەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان رادیۆیی زۆر رەخنەگرانە قسەدەکەم، بەڵام زۆر روخۆشانە یان زۆرجار دەیکەم بە فشقیات و نوکتە ئەمەش بەشێکی گەورەیە لەکەسایەتی من، خەڵك و خوێنەران و ئازیزانیش ئابەم شێوەیە منیان خۆشدەوێت، جوانی من لەوەدایە کەناتوانم بە رقەوە تورەبم، ئەگەر تورەش بم لەو هەموو نارێکی و ناعەدالەتی و ناشیرینی و مەرگدۆستیەی ناو کۆمەڵگە و دەسەڵات و ئەو ئاراستە ژیاریە خراپە تورە دەبم، بەڵام دواجار هەر ئەو ئاسۆ جەبارە سادەو ساکارو بە! سۆزەم کە هەمووشتێك بەخۆشی و ناخۆشیەکانی ناو کۆمەڵگەوە کارم تێدەکەن.

جارناجار برادەران رەخنەم لێدەگرن دەڵێن تۆ زۆر کۆمەڵایەتیت و پێویست ناکات، بەڵام منم ئەم ئاکارەم بەلاوە جوانە، لەبەرئەوەی من بە خەیاڵ و خولیاکانی خوَمەوە کوَمەڵایەتیم، نەوەك ئەوەی کە کوَمەڵگە دەیخوازێت، دەڵێن کاتت زۆر لێدەگرێت، نا من دەڵێم من بەو روحە پڕ لە خۆشەویستی و عاشقانەوە جوانم و پتر هەمومان نزیك دەکاتەوە لەژیاندۆستیەکی شاعیرانەوە.

*رۆژێك دێت هەزاران خەونی نارنجی دەبێت بەئاو هەزاران خەونی شەرمن دەبن بەشەونم و ناکەونە خواری.

غوربەتی فرینەکانت بۆ خەونی ئایندەت لەچاوەروانی چیدابن؟

دواجار هەرگەراینەوە سەر شیعر من خۆشحاڵم کەچەند دوور بکەوینەوە لەشعر هەر بەشعر دەست پێدەکەینەوە.

من لێرەوە بەو خوێنەرە ئازیزانەم دەڵێم لە داهاتوودا ئەم پرۆژانەم هەیە.

چاپکردنەوەی دیوانی (غوربەتی فرین) .

چاپکردنەوەی کتێبی (تازەگەری) .

بێجگە لەچاپكردنەوەی ئەم دووكتێبە چوار پرۆژەی كتێبم لەبەردەستدایە كە رەنگە بەم زوانە چاپیان بكەم.

-جەهل و دەسەڵات (كۆمەڵە وتاری رەخنەیی) .

-مەرگدۆستی لەكۆمەڵگەی دیكتاتۆرە بچوكەكاندا.

-دنیای پاش حیكایەتە گەورەكان (لێكۆلینەوە لەسەر قەسیدەكانی بەختیار عەلی) .

-رۆمانێك (جاری ناونیشانم بۆ هەڵنەبژاردووە) .